# کیشه وناکۆکی نیوان یەکیتی وپارتی قوولٚ ونەبرراوەیە!!

"یەکیتی"ئەمجارەیان لەهەر کاتیکی تر درۆیینەترە

محمد غفور

سەفەری رایس، وەزیری کاروباری دەرەوەی حکومەتی ئەمریکا بۆ لای مەسعود بەرزانی، بەرلەبینینی سەرکۆمار وسەرۆك وەزیرانی حکومەتە دەسچنەکەی خۆی، ئەتوانریٚ بەمانای رراگەیاندنی شکست وبنبەستی سیاسەتەکانی دەستەی فەرمانررەوای ئەمریکا دابنریٚ لەعیراق دا. سیاسەتیك کەلەپیناوی خستنەسەرپیٚی حکومەتیکی دلخوازی ئەمریکادا کۆمەلگای عیراقی هاویشتە ناو سیناریۆیەکی کۆنەپەرستانەوە، وژیان وهەست ونیستی 26ملیۆن ئینسانی کردە قوربانی کیشمەکیشی هیز ولایەنە دینی وقەومی وعەشیرەییەکان بۆ دابەشکردنی دەسەلاٚت لەنیوانیاندا. ئیسلامی سیاسی بەشی شیری برد لەم نیوەدا وبەررەسمی خوارووی عیراقیان کەوتۆتەدەست بەپشتیوانی جمهوری ئیسلامی ئیران. وەرگرتنی پۆستی سەرکۆماری عیراقیش لەلایەن جلال تالەبانییەوە،کەبووەهۆی ئاکسیۆنیکی باش بۆ شایی ولۆغانی یەکیتی، بەتەواوی پارتی دیموکراتی نیگەران کردبوو، هەربۆیە پارتی شەرت ومەرجی زۆری بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان دانابوو. سەردانەکەی رایس بۆ نزیککردنەوەی بارزانی وتالەبانی بوو بۆ بەرەورروبوونەوەی خەتەریکی هاوبەش کەپیشررەوییەکانی ئیئتلاف شیعە بەپشتیوانی جمهوری ئیسلامی ئیران لەعیراق کردوویەتی،لەهەمانکاتیشدا بۆ قەرەبووکردنەوەی ناکامییەکانی خۆی دەبوو بەفریای بەرگرتن بەتەقینەوەی ناکۆکییەکانی نیوان یەکیتی نیشتمانی وپارتی دیموکرات بکەویت، نەبادا لەسەر ئەم بنەمایەوە ئەو دەروازە بەرتەسکەشی بەررەوودا دابخریٚ بۆ دریژەدان بەدەخالەتی خۆی لەعیراقدا کەبزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد لەکوردستان بۆی ررەخساندبوو. ئەویش بەقیمەتی لکاندنەوەی سەرلەنویٚی کوردستان بەعیراقەوە دوای نزیك بە14ساڵ سەربەخۆیی بەشیوەی دیفاکتۆ لەگەلٚ عیراق.

ئەوەبوو دوای چەند مانگ کیشمەکیش ئەم دوو حیزبە نەیانتوانی بەهیچ رریکەوتنیك بگەن،وئەو وەعد وبەلینە پووچانەشی کەبەخەلکیان دابوو بەناوی یەکیتی ویەکرریزی بزووتنەوەی کوردایەتی لەبەرامبەر ئیئتلاف شیعەدا چووبەهەوادا. لەژیر سایەی بارودۆخی داگیرکردنی عیراقدا گرفت وکیشەی نویٚ بۆتە سەرباری مەسەلەی میژوویی وچارەسەرنەکراوی کورد لەعیراقدا، کەجەنگ ودەعوای قەومی لەکەرکوك یەکیك لەو مەسەلانەیە کەلەحالەتی تەقینەوەدایە. مەسەلەی کەرکوك خۆی نەك زەررەیەك لەچارەسەر نزیکنەبۆتەوە، بەلکو زیاتر لەهەرکاتیك ئالۆزتر بووە، وبۆتە مەیدانی تیروشیر کیشانی دەستەوتاقمە قەومی وفاشیستی وئیسلامییەکان لەیەکتر بۆ بەرریٚخستنی حەمامی خوین تیایدا بەمەبەستی سەپاندنی ناسنامە پووچەکانیان بەسەر ئەم شارەدا. تەقینەوەی شەرر ودەعوا لەسەر کەرکوك لەئان وساتدایە. جگەلەمانەش یەکیتییەکی درۆینە کەبەدوای دیدارەکەی رایسدا دوو حیزبی عەشیرەیی کوردستان پیٚیگەیشتوون، وگوایا هیچ کیشەیەك نەماوە لەنیوانیاندا، ودەیانەویٚ بەنیشاندانی رووی دەمبەپیکەنی ساختەیان،وبەرپاکردنی شایی ولۆغانیکی دیکە دەرخواردی خەلکی کوردستانی بدەن، زیاتر لەهەر قەلشت وناکۆکییەکی نیوان هەریەکەیان لەگەلٚ هیز ودارودەستە عەرەبە فاشیستییەکان یا ئیسلامییەکان وتورکمانەکان ئامادەترە بۆتەقینەوە. چونکە خیلاف ئەم دووحیزبە لەسەر پۆستی سەرۆکی هەریم کەبووەهۆی رریسواییەکی دیکە بۆ پەرلەمانە ستۆکەکەیان، نووکی لووتکەی کیویکە لەناکۆکی وجەنگودەعوایان لەسەر مەسەلەی دەسەلاٚت وبردنی سەهمی رراووررووت وتالاٚنییان لەداهات وسەروەت وسامانی خەلکی کوردستان، لەپالٚ چاوبررینیان لەسەهمی دەسەلاٚت لەئاستی سەراسەریدا.

ناسیونالیزمی کورد وەکو بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی وکۆنەپەرستانە، چلەررووی مەبدەئی وچلەررووی ئایدیۆلۆژییشەوە، نەباوەرری بەچارەسەری مەسەلەی کورد هەیە ونەتوانا وشان وشەوکەتی ئەم کارەشی هەیە. سات وسەوداکانیان چبەجیاجیا

وچپیکەوە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا، چئامادەبوونی هەریەکەیان بەهەرزانترین قیمەت بۆ عەمالەت وهاوکاری دەولەتانی ناوچەکە وهەر هیزیکی دیکە لەپیناوی ملشکاندنی یەکتریدا لەسەر ررابەرایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی، کەهەمیشە ئاکامەکانی بەکارەسات ومالویرانی بۆ خەلکی ستەمدیدەی کوردستان تەواوبووە، ئەو فاکتۆر وبەلگە بنەررەتیانەن بۆ سەلماندنی ئەم رراستییەی کەئەم بزووتنەوەیە وحیزبەکانیشی هەمیشە بەرژەوەندیان لەوەدا بووە کەکیشە ومەسەلەی کورد ئالۆزتر وقوولتربیبتەوە، نەك چارەسەر بکریت. بۆئەوەی بەربەهانتەمیەدانی ئیرادەی راستەوخۆی جەماوەری خەلکی کوردستان بگرن بۆ دەخالەتکردنیان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، وخۆیان تاکە هیزی مەیدان بن. تازەترین نموونە لەم کارکردە دژی خەلکییەیان پەلکیشکردنی خەلکی کوردستان بوو بۆ ناو سیناریۆی گالتەجارری هەلبژاردن، لەکاتیکدا کەخواستی جیابوونەوە وپیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ لەناو جەماوەردا لەئاستی سەرتاسەری کوردستاندا شەپۆلیدەدا وپشتیوانی جددی لیدەکرا.

ئەوەشی کەئیستا یەکیتی وپارتی ناچارکردووە ملبدەن بەم رریککەوتنە لەرزۆك وکاتییە، بەرزبوونەوەی ناکۆکییەکانیانە بۆ لووتکەی خیلافەکانیان. چونکە قیبلەی ئومیدی ئەم بزووتنەوەیە، یانی ئەمریکا بەکردەوە لەبەردەم گیرانەوەی سولتەی یەکپارچەی بۆرژوازی بەسەر عیراقدا ناکام ماوەتەوە. ووردەووردە ئیسلامی سیاسی لەگەل هەرچوونەپیشەوەیەکی بارودۆخەکەدا کاردانەوەی عملی خۆی هەیە وهەموو موشاهەدەکانی ئەم دواییە، هەرلەمەسەلەی فیدرالی ومەسەلەی کەرکوك ودارشتنی دەستوورەوە، تاچەندین گرفت ومەسەلەی دیکە، ئەوە نیشان ئەدەن کەبەتووندی ئیئتلاف شیعە خەریکی خۆکۆکردنەوەیە بۆ یەکپارچەکردن وسەراسەری کردنەوەی دەسەلاتەکەیان.ئەمەش بەمانای بنبەستی ئەو ئاسۆیەیە کەبزووتنەوەی کوردایەتی گریدابوو بەسیاسەت وئیستراتیژی ئەمریکاوە لەعیراقدا.

خەلکی کوردستان نابیت چیتر بکەونە داوی پرروپاگەندەی پووچی "یەکیتی ویەکرریزی" ئەم دوو حیزبە،ودرۆودەلەسەکانیانەوە سەبارەت بە"یەکخستنەوەی ماڵ" وئیدارەکانیان. کارکرد ومیژووی سیاسییان نیشانیداوە کەئەو کاتانەی کەگوایا زۆر رریك وتەبابوون، تووندتر لەهەرکاتیکی تر لەژیرەوە خەریکی چاڵهەلکەندن بوون بۆ یەکتری. جەنگ ودەعوا وئاشتی ویەکرریزی ئەم حیزبانە هەمیشە لەبەرامبەر ودژ بەخواست وئاوات وئارەزووەکانی خەلکی کوردستاندا بووە، ودەیان کارەساتی گەورەیان بەسەردا هیناون. زۆرنییە کەبەخوڵپژاندنیان بەچاوی خەلکدا کوردستانیان رراپیچکردەوە بۆناو عیراقی عەروبی — ئیسلامی ونیمچە ئارامییەك کەبەهۆی هەلویستی دژی تیرۆریستی ئیسلامی خەلك خۆیانەوە بەرقەراربوو لەکوردستان، خەریکە لەدەست دەچیت.یەکیتی وپارتی لەپیناوی ئامانجی کۆنەپەرستانەیاندا، ئامادەن کوردستان بکەنە مەیدانی جەنگ ودەعوای تیرۆریستی نیوان ئەمریکا وئیسلامی سیاسی. رریگای درووست بۆ چارەسەری کیشەی کورد،هاتنە مەیدانی خەلکە بۆ بەرزکردنەوەی خواستی بەرپاکردنی رریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان. کۆبوونەوەی جەماوەری خەلکی کوردستان لەدەوری ئەم خواستە بەرهەقەی خۆیان،دەستی دوژمنانی ئەم خواستە،لەوانەش پارتی ویەکیتی لەپشتەوە دەبەستیت. لەهەمانکاتیشدا هیزهاوسەنگی نیوان هیزەکانی سەر مەیدانی سیاسەتی عیراق بەباری کۆتاییهینان بەجەنگ وتیرۆر وسیناریۆی ررەش وکردنەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا ودەسکۆتاکردنی ئیسلامی سیاسی بەقازانجی خەلکی عیراق دەگۆرری، وررێگا دەکاتەوە بۆ بنیاتنانی حکومەتیکی عیلمانی وغەیرەقەومی تیایدا.

2005-06-10